# تەپۆلکەی ڕەبەت: خۆبوشکیەی باستان (کەونارا)

سوعدا سەعیدیان- فاتمە قولیزادە
لە فارسییەوە: فەرەیدوون حەکیمزادە
(مەهاباد)

( ٢- ٢ )

پێکگرتنی کێوی «وائووش» لەگەڵ کێوی «سەهەند»، جێی ڕەزامەندی زۆربەی ئاشوورناسان بووە و وێکچوونی ئەو دوو شوێنە ڕاستە، بەڵام ئەگەر پێشنیاری وێکچوونی «مەدودسکایا»، واتە ڕێگەی ڕۆژاوای زێی ورمێ قەبووڵ بکەین، کێوی «وائووش» دەبێ لە ناوچەی باشووری زێێ ورمێ بێ. لە حاڵێکدا کە لەو ناوچەیە هیچ کێوێکی بەرچاو و بەرز بەو پێناسەیەی ئاشوورییەکان وێکچوونی ڕواڵەتی، یان جوگرافیایی هەبێ، وجوودی نییە.

تەواوی ئەو فاکتانەی باسمان کردن، نیشان دەدەن کە بیرۆکەی دەور لێدانی زێی ورمێ لە لایەن لەشکریانی سەرگۆن لە ساڵی ٧١٤پ.ز، زۆر لە ڕاستی نزیک بووە و لەگەڵ بەڵگەنامە مێژوویی و ئاسەوارناسی یەک دەگرێتەوە، بۆیە ئەو جێگەدۆزینەوەی خۆبوشکیە لە باکووری موساسیر کە لە لایەن «مەدودسکایا» و دەستەیەکی دی لە توێژەرانی لایەنگری ئەو پێشنیار کراوە، لەگەڵ کێشەی بنەڕەتی بەرانبەرە و تێگەیشتن لە ڕێگەکانی لەشکرکێشانی شەلمەنسەری سێیەم و سەرگۆنی دووەم، دژوار دەکا، هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە «مەدودسکایا» بۆ دیتنەوەی خۆبوشکیە، تەنیا کەڵکی لە ڕاپۆڕتی لەشکرکێشی سەرگۆن، وەرگرتووە و ئەو ئاماژانەی کە لە کەتیبەکانی شەلمەنسەری سێیەم و «ئەسەرحەدون» لە پێوەندی لەگەڵ خۆبوشکیە کراون و لە لێکدانەوەکانی جوگرافیایی جێگەیان

نەکردووەتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی تا ئێرە باس کران، دەتوانین تا ڕادەیەک باسی گۆڕەپانی پاشای بچکۆلانەی خۆبوشکیەی بکەین و زەوییەکانی دراوسێی بناسین. ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ پاشای ماننا دراوسێ بووە و لە ڕۆژاوا، یان باکووری ڕۆژاوا لەگەڵ پاشای نیوەسەربەخۆی موساسیر. کەتیبەکانی شەلمەنسەر کە لەسەرەوە باسمان کرد، نیشانی دەدەن کە لە سنوورەکانی باکووری خۆبوشکیە، شارەکانی ئورارتوویی، زێی نائێری و شاری گیلزانۆ خۆ دەنوێنن، بەڵام لە سنوورەکانی باشووری بەپێی زانیارییەکانی ئێستاکەمان نادۆزرێنەوە. بە خۆشییەوە پێگەی جوگرافی دراوسێکان ڕوون و ئاشکرایە و ئەوڕۆکە لە مابەینی توێژەران لەسەر شوێنی ماننا، ئورارتوو، موساسیر و تا ڕادەیەکیش «گیلزانۆ» یەک ڕایی هەیە. ماننا ناسراوترین حکوومەتی نیوەی سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە باکووری ڕۆژاوای ئێران پێش پێکهاتنی دەوڵەتی «ماد»ە.

ناوەڕۆکی سەرەکی ئەو پاشایەی ناوچەکانی باشووری زێی ورمێ و باکووری پارێزگای کوردستان (ناوەندی گۆڕەپانی شارەکانی بۆکان و سەقزی ئەوڕۆ) بووە.

(بۆ جوگرافیای مێژوویی ماننا بڕوانە: Levine 1974: 113-116; Brown 1979: 9-16 ، ملازاده، ۱۳۸۸:۵۱ -۴۹).

موساسیر لە سەرەتای خوێندنەوە ئاشوورناسەکان هەنووکە بەردەوام لە ناوچەی باکووری ڕۆژاوای کوردستانی عێراق و لە دەوروبەری شاری «ڕەواندوز»، ناوچەی «سیدەکان» و کوێستانی «تۆپزاوا» و گوندی «موجسیر» زانراوە.

Boehmer 1973; Levine). 1974: Fig. 2; Parpola & Porter 2001: Pl.4; Radner 2012: 244

هەروەها گیلزانۆ لە قەراغ باشووری ڕۆژاوای زێی ورمێ، یان لە ناوچەی باشووری هەڵکەوتووە (Reade 1979: 175-81). «جولیان ڕید» لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ناوەندی گیلزانۆ، تەپۆلکەی بەناوبانگی حەسەنلوو لە شاری نەغەدەی ئێستا و یەکێک لە گۆڕەپانی دەوروبەری ئەو بوو (Ibid). لەهەمبەر سنوورەکانی ئورارتوو، بەتایبەت لەسەر پێگەی شوێنی کەتیبەکانی «کێلەشین»، «قلاتگا» و «تاشتەپە (داشتەپە)»، هەروەها دەتوانین بڵێین کە لانیکەم لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی پێش زایین، دەسەڵاتی ئورارتووییەکان لە باشوور تا بەشەکانی باشووری زێی ورمێ و هێڵی شنۆ- مەهاباد- میاندواو درێژەی هەبووە.

(بۆ جوگرافیای مێژوویی و سنوورەکانی ئورارتوو، هەروەها پێگەی شارەکان و کەتیبەکانیان بڕوانە: Zimansky 1998: 1-8; Kroll 2011: 150-155

بەپێی ئەوەی باس کرا، ئەگەر خۆبوشکیە لە باشووری ئورارتوو و گیلزانۆ، ڕۆژهەڵات، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی موساسیر و ڕۆژاوای ماننا، هەڵکەوتبێ. دەی نزیکترین و وردترین شوێن بۆ دۆزینەوەی جێگە، سەرچاوەکانی ڕووباری زابی بچووک و ناوچەیەکە مابەینی شارەکانی پیرانشار و سەردەشتی ئەمڕۆ. دۆزینەوەی ئەو شوێنە لە لایەن چەند کەسی ئاشوورناسی بەناوبانگ هاتووەتە ئاراوە. «جولیان ڕید» کە نەخشەیەک لە ساڵی ۱۹۷۸ز، لە پێوەندی لەگەڵ جوگرافیای مێژوویی ڕۆژاوای ئێران لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین چاپی کردووە، بەبێ باسکردن لە هۆکارەکان، دەوروبەری شاری پیرانشاری خۆبوشکیە پێشنیار کردووە. (Reade 1978: 140 Fig.2).

لە ئەتڵەسی جوگرافیای مێژوویی ئیمپراتۆری ئاشووری نوێ کە لە زانستگەی «هێلسینکی» ئامادە کراوە، سەرچاوەکانی زابی بچووک و گۆڕەپانی مابەینی پیرانشار و سەردەشتی

ئەوڕۆ، خۆبوشكیە پێشنیار كراوە. (Parpola and Porter 2001: Pl.29).

هەروەها «جیوانی لانفرانكی» لە وتارێكدا كە دوو دەیە پێش نووسراوە، لەگەڵ لێكدانەوەی دوو نامەی ئاشووری كە پێوەندی هەیە بە ناردنی شتومەك و خەڵات لە باكووری ڕۆژاوای ئێران بۆ ئاشوور و مەزەندەكردنی مەودای مابەینی شارەكانی ناوبراو، لەو نامانەدا بەو ئاكامە گەیشتن كە خۆبوشكیە دەبێ لە دەوروبەری شاری سەردەشتی ئەوڕۆیی بووبێ. (Lanfranchi 1995: 127-37).

ڕاستییەكەی ئەو وتارەی «لانفرانكی» بوو وای لە «یانا مەدودسكایا» كرد كە وتارێك لە ڕەفزی ئەو بنووسێ و لەگەڵ جێگادۆزینەوەی خۆبوشكیە لەو ناوچەیە دژایەتی بكا. (Medvedskaya 1997)، بەڵام وەك لە سەرەوە باسمان كرد، بیرۆكەكانی مەدودسكایا قەناعەت بە مرۆڤ ناهێنێ و جێگەدۆزینەوەی خۆبوشكیە لە ناوچەگەلی باشووری زێی ورمێ (دەوروبەری شارەكانی پیرانشار و سەردەشت) وێكچوونی زۆرتری لەگەڵ شاهید و بەڵگەی ئێستادا هەیە. هەر لەو شوێنەی كە لەو وتارەدا بۆ خۆبوشكیەی كەونارا پێشنیارمان كردووە، گۆڕەپانی زۆر گرینگمان لە سەردەمی «ئاسنی ئاخیر» ناسراوە كە دەتوانێ پێتەختی خۆبوشكیەی باسەكەی ئێمە بێ، تەپۆلكەی ڕەبەتی سەردەشت.

## ۳- تەپۆلكەی ڕەبەت

### ۱-۳- پێگەی جوگرافیایی و پشكێنەران

تەپۆلكەی ڕەبەت لە قەراغ شاری ڕەبەت و لە ۹ كیلومێتری باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری سەردەشت و لە باشووری پارێزگای ئازەربایەجانی ڕۆژاوا و ۳۰ كیلومێتری سنووری ئێران و عێراق هەڵكەوتووە. گۆڕەپانی ڕەبەت لە قەراخ ڕۆژاوایی ڕووباری زابی بچووك (كەڵوێ) هەڵكەوتووە و پێك هاتووە لە ۵ تەپۆلكەی كەونارا كە بە ڕیزبەندی ۱ تا ۵ نێودێر كراون. (حیدری 1386: 203- ؛ Kargar & Binandeh 2009: 114; Heidari 2010: 147-148).

تەپۆلكەی ڕەبەتی (یەك)، لە خۆگری ئاسەواری كۆنترە بە نیسبەت ئەوانی تر، بەڵام ئەو شتەی بۆ ئێمە گرینگە تەپۆلكەی ڕەبەتی (دوو)ە، كە تا هەنووكە چەند جار پشكنینی بۆ كراوە. تەپۆلكەی ڕەبەتی (دوو) لە باشووری ڕۆژاوای شاری ڕەبەت و لە مەودای دۆڵێك بەناوی «كانی سێو» لە تەپۆلكەی ژمارە (یەك)ی ڕەبەت جیا دەبێتەوە. ئەو تەپۆلكەیە كە لە درێژایی و پانتایی جوگرافیایی ″N 36° 12′ 11 و E 45° 32′ 35″ هەڵكەوتووە. نزیكەی ۱۷ هێكتار پانایی باڵی ڕۆژاوای دەگاتە ڕووباری زابی بچووك. (هەمان). یەكەمین خوێندنەوەی كەوناراناسی لە تەپۆلكەی ڕەبەت دەگەڕێتەوە ساڵەكانی ۱۳۴۴ - ۱۳۴۵ی هەتاوی (۱۹۶۵ - ۱۹۶۶ز).

لەو سەردەمەدا «بابەكی ڕاد» كارناسی كاتی خۆی ئیدارەی باستانشناسی، بۆ یەكەم جار تەپۆلكەی ژمارە (یەك)ی ڕەبەتی خستە بەرباس و ئەوی بە مێژوو گەیاندەوە هەزارەی یەكەمی پێش زایین و بە ژمارە ۶۰۲ تۆمار كرد. (حەیدەری ۱۳۸۶: ۲۰۴). بەڵام سەرەتاییترین پشكنینەكانی زانستی لەو گۆڕەپانەیە، لە تەپۆلكەی ڕەبەتی (دوو) و لە ساڵی ۱۳۸۴ی هەتاوی (۲۰۰۵ز)، بە سەرۆكایەتی «بەهمەن كارگەر» كران. (Kargar & Binandeh 2009) و لە ساڵەكانی ۱۳۸۵،۱۳۸۷ و ۱۳۹۵ لە سێ قۆناغی دی بە سەرۆكایەتی «ڕەزا حەیدەری» دەوامی هەبوو.

(Heidari ۲۰۱۰؛ حیدری، ۱۳۸٦و۱۳۹٥).

**۲-۳- دیتراوەکانی پشکنین**

چەند جار پشکنین لەو گۆڕەپانەدا بووەتە هۆی ناسینی ئاسەواری بیناسازی سرنجڕاکێش لە تافی «ئاسنی ئاخیر»دا. بەرچاوترینیان ئاسەواری بیناسازی لە تەپۆلکەی ڕەبەت کە بەردەکانی بە بیچمی دایرە لە عەرزی، خۆیان دەنوێنن. ئەو بەردانە بە کەڵک وەرگرتن لە خرکەبەردەکانی ڕووبار پێکهاتووە و لە زۆربەی پشکنینەکاندا قوڵکەی بەردین دۆزرانەتەوە. تەرحی بنەڕەتی ئەو بەردانە پێک هاتووە لە دایرەی ڕێکوپێک لە فەزایەکی چوارسووچ هەڵکەوتوون و هەر یەکە لەو فەزا چوار سووچە بەهۆی چەند ریز کلوبەردێک لێک جیا بوونەتەوە. شێوەی گشتی ۷ دایرەی پێکەوە لکاو لە کادربەندی چوار سووچە بە ڕادەی ۱٦۰X۱٦۰ سانتیمەتر هەڵکەوتووە کە بە کلوبەردەکانی بە چەشنی ڕاکشاوی و ڕاوەستاوی لە بن یەکتر هەڵکەوتوون.

Kargar & Binandeh 2009: 115-17; Heidari 2010: 148؛ حەیدەری. (وێنەی ژمارە ٤)

«جولیان ڕید» و «ئوروینگ فینکڵ» بەپێی تەرح و ڕاپۆرتەکانی کە «ڕەزا حەیدەری»، سەرپەرشتی پشکنینەکانی ئەو شوێنەی تا ئاخر و ئۆخری وەرزی سێیەمی پێشکەش کردووە. تا ڕادەی ۸ و ۱۰ X ۲۱ ریزی لە دایرەی ئەو شوێنە ناساندووە کە فەزای بە پانایی ۱۳X۳٥ میتری داگیر کردووە. (Reade & Finkel 2014: 582-83). دەستەیەکی تر لە دۆزینەوەی سەرنجڕاکێش بەدەست کەوتوو لە پشکنینە غەیرەیاساییەکان، هەروەها پشکنینە زانستییە کەوناراناسیانە لە تەپۆلکەی ڕەبەت، خشتی ساکار، یان لیاودار نەخشی لەسەرن کە بوونەتە هۆی بەناوبانگبوونی ناوچەکە. ئەو خشتانە کە هەم بە شێوەی شکاو و هەمیش ساغ و کامڵن. دەتوانین بۆ دوو دەستەی گشتی دابەشیان بکەین.

۱- خشتەکانی ساکار و بێ نەخشونیگار.

۲- خشتەکانی نەخشاو و لیاودار.

نەخشی سەر خشتەکان، ئەوانە لە خۆ دەگرێ: گیایی، مرۆڤی، هیندسی، ئەساتیری، بوونەوەر و کەتیبە. (وێنەی ژمارە ٥و٦).

هژبری نوبری و عفیفی ۲۱۰-۲۰٦ :۱۳۸٦ ، حیدری ;Kargar & Binandeh 2009: 117-18 Heidari 2010: 148-49

ئەو نەخشونیگارانە زۆر وەک نەخشونیگاری بەکار هاتوو لە تەپۆلکەی قەڵایچی بۆکان دەچن. ڕێژەی گشتی خشتەکانی دیتراوە لە تەپۆلکەی ڕەبەت تا ئاخر و ئۆخری وەرزی سێیەم، ۱۲۱۱ لەتکە بووە کە لەو ڕێژەیە تەنیا ۱٦٥ دانەیان لیاودار بوون. (Reade & Finkel 2014: 586). لەسەر دەستەیەک لەو خشتانە بە خەتی بزماری کەتیبە هەیە کە نیشان دەدەن بۆ کامڵکردنی دێڕێک لە یەک، یان چەند ڕەگ لە پەنایەک بەچەشنی ڕاکشاو لەسەر دیوار کەڵک وەرگیراوە. تا ئێستاکە و لە ماوەدای کەندوکۆڵەکان، یان ئەو هۆکارە بیناسازییە کە خشتە لیاودارەکان جوانکاری ئەوانە بوون، نەدۆزراونەوە، بەڵام وێدەچێ سەکۆیەکی خشتی بۆ کەڵک وەرگرتنی ئایینی لێرە هەبووبێ و ئەو خشتانە سەکۆی پیرۆزییان ڕازاندبێتەوە. (Ibid: 588-589)

**٤- لەبەر یەک ڕانانی خۆبوشکیە و تەپۆلکەی ڕەبەت**

بە ڕای نووسەرانی ئەو وتارە تەپۆلکەی ڕەبەت شارە سەڵتەنەتی و ناوەندی خۆبوشکیە کەونارایە. شایەتە مێژووییەکان و کۆنینەناسەکان ئەوانە دەخوازن:

**یەکەم:** ئەوەی کە هەروەکوو لەسەرێ باس کرا، وڵاتی خۆبوشکیە دەبێ لە قەراغ سەرچاوەکانی سەرووی ڕووباری زابی بچووک و لە مابەینی شارەکانی ئەوڕۆیی سەردەشت و پیرانشار لە ڕۆژاوای باشووری زێی ورمێ و لەسەر ڕێگەی ئاشوور بۆ ڕۆژاوای باکووری هەڵکەوتووە. تەپۆلکەی ڕەبەتیش وەک بەرچاوترین و گەورەترین گۆڕەپانی چاخی «ئاسنی ئاخیر» ناوچە، لە قەراغ ڕووباری زاب و لە نزیک شارەکانی سەردەشت و باشووری شاری پیرانشار هەڵکەوتووە. ئەو گۆڕەپانە لە قەراغ یەکێک لەو دەربازگە بنەڕەتییەی زاگرۆس هەڵکەوتووە کە سەردەمی ئاشووری بە ناوچەی دەوروبەری زێی ورمێ و ڕۆژاوا و ڕۆژاوای باکووری ئێران گرێ دراوە، تەنانەت ئەوڕۆکە دەربازگەی سنووری سەردەشت، بە تایبەت سنووری «کێلێ» لە گرینگترین خاڵی پێوەندی بۆ هاتوچۆ و بازرگانی مابەینی دوو وڵاتی ئێران و عێراق دەژمێردرێن.

**دووەم:** ئەوەی کە بەرهەمی کەندوکۆڵەی کەوناراناسەکان نیشان دەدەن کە ڕەبەت تایبەتمەندی یەک شاری سەڵتەنەتی گەورەی لە خۆیدا هەبووە. وا بە زەین دەگا کە تەپۆلکەی ڕەبەتی ٢ کە لە چاخی «ئاسنی ئاخیر»ی نزیکەی ١٧ هێکتار پانایی هەبووە و لە تەپۆلکەکانی دەوروبەری ئەو، ئاسەواری هیی چاخی «ئاسنی ٣» دیتراوە. (حەیدەری ١٣٨٦: ٢٠٤). لە یەکەمین وەرزی کەندوکۆڵەکانی تەپۆلکەی ڕەبەت، پاردەیەکی ئەستوور بە پانایی ٢/٥ مەتر لە قەراغ تەپۆلکە دۆزراوەکەی دیوی دەرەوە و ناوەوەی ئەو بە گاشەبەردی گەورە ساز کراوە و ژوورەوەی ئەو بە وردەبەرد و خڕکەبەرد پڕ بووەتەوە. شیمانە دەکرێ ئەو پاردەیە بەشێک بووە لە حەساری بەرگری ئەو شارە. (Kargar & Binandeh 2009: 115).

جیا لە کەلوپەلی بەرەنگاری کە بۆ هەر شارێکی سەڵتەنەتی پێویستە، ئەو دیتراو و سازکراوانە کە لە کاتی پشکنین ئاشکرا بوون، داکۆکی لەسەر گرینگبوونی ئەو شارە دەکەن. کوالێتی بەرزی بەردچینەکان و پێگەی خشتی لیاودار و نەخشین و کەتیبەدا، هێزی حاکمانی ئەوێندەرێ، گرینگی ئەو شوێنەمان پیشان دەدەن. سەرجەم تەپۆلکەی ڕەبەت تایبەتمەندی خۆی هەبووە کە لە یەک شاری سەڵتەنەتی سەر بە پاشایەکی بچووک و خۆماڵی لە چاخی "ئاسنین»ی ئێران دەتوانین ناو ببەین.

زۆر کەس تەپۆلکەی ڕەبەتیان بە گۆڕەپانی حکوومەتی ماننایی زانیوە. لەسەر یەک لە خشتە لیاودارەکانی ڕەبەت، نووسراوەیەک هەیە بە ناوی کەسێک «ئاتە/ Ata» بەو پێیە «ڕەزا حەیدەری» ڕای لەسەر ئەوەیە کە ئەوە دەتوانێ «ئاتە» یا «ئادا/ Ada» پاشای شاری «پەدەدیرە/شوردیرە»/Paddira/Šurdira بێ کە ناوی لە ڕاپۆرتی هەشتەمین لەشکرکێشی سەرگۆن لە ساڵی ٧١٤پ.ز، هاتووە، یان «ئەتە» پاشای شاری «ئەرزیزو/Arzizu «کە لە کەتیبەی ئاشوور نەسیرپاڵ (ئاشوور بانیپاڵ) ئاماژەی پێ کراوە. (Heidari 2010: 150). بە ڕای توێژەری تەپۆلکەی ڕەبەت، ئەو گۆڕەپانە دەتوانێ هەر «ئەرزیرو»، یان «پەدەدیرە»ی کەونارا و شارێکی ماننایی بێ (Ibid)، هەرچەند ئەو لێکچواندنە هۆشیارانە بەزەین دەگا، بەڵام بە ڕای نووسەرانی ئەو وتارە شوبهاندنی تەپۆلکەی ڕەبەت لەگەڵ «ئەرزیرۆ»، یان «پەدەدیرە»ی کۆن جێی گومانە، چونکە لە لەشکرکێشی ساڵی ٨٨٠پ.ز، ئاشوورنەسیرپاڵ (بانیپاڵ) کە لە پاڵ ئەودا ناوی «ئەرزیرۆ» هاتووە کە ئاوڕدانەوە بە ئەیالەتی «زەموا» (پارێزگای سلێمانی ئێستای باشووری کوردستان) و ناوچەکانی دەوروبەری

بووە.

«ئەرزیرۆ»ش لەو دەوروبەرە بووبێ، نە لە باکووری ڕۆژاوای ئێران و دەڤەری زێی ورمێ. شیمانە دەکرێ (RIMA II: 207, 248). لەمەڕ «پەدەدیرە»ش ئەو ڕایەی سەرەوەی هەیە. بەپێی کەتیبەکانی «شمش- ئەدد» و شەلمەنسەری سێیەم، «پەدەدیرە» ناوەندی وڵاتی «ئەلەبەریە»/Allabria بووە. ( RIMA III: 40, 184) و دەزانین کە «ئەلەبەریە» لە باشووری وڵاتی ماننا و لە قەراغ شارستانەکانی مەریوان و سەنەندەجی ئەوڕۆیە و بە ئەگەری زۆر لە دەوروبەری زێی «زرێوار» هەڵکەوتووە. سعیدیان ؛ ١٣٩٧: ٨٢-٨١ Levine 1977: 145; Brown 1979: 17; Parpola & Porter 2001: Pl.11

لە ئاکامدا بە دۆزینەوەی شوێن ناتوانین گۆڕەپانی دەوروبەری سەردەشت لەگەڵ «پەدەدیرە» یەک بزانین. دەبێ ئەو خاڵەش زیاد بکەین کە مانناییی بوونی تەپۆلکەی ڕەبەت، لەگەڵ زانیاری ئێمە لە جوگرافیای مێژوویی ناوچە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، نایخوێنێتەوە.

ڕاستییەکەی لە هیچکام لە کەتیبەکانی ئاشووری بە شارێکی گرینگ و سەڵتەنەتی لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ماننا و ئیزیرتوو (پێتەختی ماننا لە بواری بۆکان- سەقز) ئاماژە نەکراوە و تەواوی شارە گرینگەکانی مانناییی وەکوو: میسی (Missi)، سووریکەش (Surikash) ئیزیبە/ زیبیە (Zibia/Izibia) و «کۆمۆردوا» (Kumurdu) لە ناوچەی باشووری ئەو وڵاتە و باشووری ئیزیرتوو دەستنیشان کراون. (Zadok 2006). ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەپۆلکەی ڕەبەت لە ڕۆژهەڵاتی بواری بۆکان- سەقز (ناوەندی حکوومەتی ماننا) هەڵکەوتووە و دوور لە بیرە کە ڕاستییەکەی سەر بە گۆڕەپانی ماننا بووبێ، ناوی شارێک لە ڕۆژهەڵاتی ئیزیرتوو و ماننا لە کەتیبەکانی ئاشووری نەهاتبێ، بەڵام خۆبوشکیە دراوسێی ماننا لە ڕۆژهەڵاتەکەی بووە، بۆیە تەپۆلکەی ڕەبەت دەتوانێ هەڵبژاردەیەکی باش بێ بۆ ڕێک لەگەڵ شارە سەڵتەنەتییەکەی باسمان لێ کرد.

بەڵگەی کەوناراناسییەکانی تریش بۆ وێکچوونی تەپۆلکەی ڕەبەت و خۆبوشکیە هەن، هەروەکوو لە سەرەتای وتارەکەدا باسمان کرد. خۆبوشکیە دەوڵەتێکی ناوبژێکەر (buffer state) بوو مابەینی دەوڵەتە بەهێزەکانی ئاشوور و ئورارتوو و هونەرەکەشی دەبێ وەک تەواوی ناوچەی باکووری ڕۆژاوای ئێران سروشتییە لەژێر هەژموونی دوو دراوسێی بەهێز بووە. دەرکەوتە کەوناراسییەکان، بەتایبەت خشتەکانی نەخشاو و لیاودار، هەروەکوو توێژەران باسیان کردووە، بە جوانی شوێنی هونەری دراوسێیەکانی بەتایبەت ژونەری سەڵتەنەتی ئاشووریان نیشان دەدەن، چونکە بەڕوونی لە هونەری خشت سازکردنی میزوپۆتامیای و نەخشونیگاری ئاشوورییەکان کەڵکیان وەرگرتووە. (هژبری نوبری و عفیفی ١٣٨٨).

هەروەها بەردرێژەکانی بەرچاوی ڕەبەت دەتوانێ بیرۆکەی شوێندانەری هونەری ئاشووری و ئورارتوویی، بەڕاستی نزیک بکا. ئەو چەشنە بەردرێژە لە پێشدا لە شاری «فریژی گوردیون» لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین دیتراوە. (Young 1965: 9) و دوایی ئەوە لە گۆڕەپانی حەوتەم و هەشتەمی پێش زایین لە باکووری میزوپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک (گۆڕەپانی ئاشوور و ئورارتوو) دیتراونەتەوە. وەکوو لە «ئەرسەلان تاش» و «تەل ئەحمەر»، یان هەر «برسیپ»ی کۆن «تیلەهویوک»، «ساکچا گوزو» «زیارەت تەپە» و خودی شاری ئاشوور. (Blay-lock 2009: 134-141, 158-162)

لە دواییدا دەبێ ئاماژە بە بەڵگەیەکی دیکە بکەم بۆ وێکچوونی شوێنی تەپۆلکەی ڕەبەت لەگەڵ خۆبوشکیە، هەروەکوو لە پێشدا گوتمان یەکێک لە

خشـتە لیاوەدارەکانـی ڕەبـەت هەڵگـری کەتیبەیەکـە کـە «ئاڕوینـگ فینـکڵ» ئـەوی ئـاوا خوێندووەتـەوە .[ ( [sh-] a? mata ( [a ? «شـیمانە دەکـرێ بەمانـای ئەتـە[Reade & Finkel belonging of Ata/ to Ata» 592 :2014]. ئێمـە لـە ڕێگـەی کەتیبـە ئاشـوورییەکان، لەگـەڵ نـاوی سـێ پاشـا، یـان حاکمـی خۆبوشـکیە ئاشـنا بوویـن. کاکیـە (Kakia)، دەتـە (Data) و دەتەنـە (Datan). ئـەو خشـتانە زۆربەیـان تێکچـوون و خوێندنـەوەی دروسـتیان دەوێ، هەروەهـا هـەر خشـتەش بەشـێک لـە دێڕێـک نیشـان دەدەن، بۆیـە بێجـێ نابـێ کـە ئـەو گومانـە لامـان دروسـت بـێ کە نـاوی «ئەتـە/Ata لـە خشـتی ناوبـراو ئامـاژە بـە یەکێـک لـە حاکمانـی خۆبوشـکیە وەکـوو: دەتـە/ Data، یـا دەتەنـە/Datana دەکا، یـان بەشـێک لـە نـاوی ئـەوان بـووە، هەرچەنـدە ئـەو شـیمانەیە لـە ئێسـتادا و بەهـۆی کەمبوونـی زانیارییەکانـی ئێمـە، هەروەهـا تـەواو نەبوونـی خشـتەکان دەبـێ بـە ئەسـپایی و (احتیاطی) زۆر بـاس بکـرێ.

### ٥- ئاکام

خۆبوشـکیە نـاوی شـارێکی سـەڵتەنەتی، هەروەهـا یەکێـک لـە دەوڵەتەکانـی بچـووک، بـەڵام گرینگـی زاگـرۆس کـە سـەردەمی ئاشـووری نـوێ بـووە، مابەینی دوو پاشای ئاشوور و ئورارتوو هەڵکەوتووە. زانیارییـە جوگرافیاییـەکان وەرگیـراو لـە کەتیبـەکان و دەقـە ئاشوورییەکان نیشـان دەدەن کـە ئـەو وڵاتـە لـە قـەراغ سـەرچاوەکانی سـەرووی ڕووبـاری زابـی بچووکە کە لـە باشـووری ڕۆژاوای زێـی ورمـێ و لـە گۆڕەپانـی شارسـتانەکانی پیرانشـار و سەردەشـتی ئێسـتا هەڵکەوتـووە. لـە نێوەنـدی دەیـەی ١٣٨٠ (٢٠٠١ز)ی هەتـاوی، گۆڕەپانێکـی گـەورە لـە چاخـی «ئاسـنی دوایـی» لـە دەڤـەری شـاری ڕەبـەت و لـە نزیـک شـاری سەردەشـت دۆزرایـەوە و پشـکنراوە، کـە لەبـاری پێگـەی جوگرافیایی، لـە نـاو گۆڕەپانـی خۆبوشـکیەی کەونـارا هەڵکەوتـووە. بەڵگـە دۆزراوەکانـی کەوناراناسـەکان لـە چەنـدان وەرزی پشـکنینە زانسـتییەکان لـە دەڤـەری ڕەبەتـی ٢، نیشـان دەدەن کـە ئـەو گۆڕەپانـە تایبەتمەندییەکـی چـاوەڕوان کراویـان لـە شـارە سـەڵتەنەتی، لـە نیـوەی سـەرەتای هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن وەک مسـاحەت بەرچـاو و ئامـراز و کەرەسـەکانی کەڵـک وەرگیـراوە کـە لەلایـەن مرۆڤـە بەدەسـەڵات و دەوڵەمەنـدەکان پشـتیوانی کـراوە.

پێگـەی شـوێنی ئـەو گۆڕەپانـە و بەڵگـە کەوناراناسـییەکانی دۆزراوە، ئـەو شـیمانەی سـاز کـردووە کـە ڕەبـەت لەگـەڵ شـارە سـەڵتەنەتی خۆبوشـکیە بەیـەک بزانیـن. بـەڕای نووسـەرانی ئـەو وتـارە، وێچواندنـی تەپۆلکـەی ڕەبـەت لەگـەڵ خۆبوشـکیەی باسـتانی لەسـەر بنەمـای بەڵگەکانـی کـە ئێسـتا لامانـن، تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە عەقـڵ یەکتـر دەگرنـەوە و قەبـووڵ دەکـرێ.

هیواداریـن کە پشـکنینە بەربڵاوەکان لە گۆڕەپانی باسـتانی ڕەبـەت، هەروەهـا لێکۆڵینـەوەکان لـە داهاتـوودا لـە پێوەنـدی لەگـەڵ جوگرافیـای مێژوویی باکـووری ڕۆژاوای ئێـران لـە نیـوەی سـەرەتای هـەزارەی یەکەمـی پێش زایین، ناساندنی شـارەکانی ئورارتوویـی و مانناییـی لـە بەسـتێنی زێـی ورمـێ، هەروەهـا لێکدانـەوەی چاکتـری مێـژووی سیاسـی ئورارتـوو، ئاشـوور وماننـا بـە ڕاستیودروسـتی لێکۆڵینـەوەی بەردەسـتتان، هەڵسـەنگێنێ.

**سەرچاوەی وەرگێڕانەکە:**

**گۆڤـاری مطالعـات باسـتان شناسـی، دورە ١١، شمارە ١، بهار و تابستان ١٣٩٨، لاپەڕە ١١٣ – ١٣١.**

**سـەرچاوەکانی ئـەم وتـارە لـە ئەرشـیڤی گۆڤـاری ڕامـان پارێـزراوە.**

**(ڕامان)**